### سەرفراز نەقشبەندی:

# پیاو بۆی رەخساوە کە نێرایەتی بکاتە ئاڵای کۆمەڵگە

**سازدانی:ب .بڕیار**



سەرفراز نەقشبەندی

**قسەکردن لەسەر گیروگرفتەکانی ئافرەت ئەگەر لە لایەک راستەوخۆ پەیوەندی بە کلتوور و نۆڕمە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەبێت، لە لایەکی دیکە بە هوشیاری و ئازادی و چالاکی ژنانەوە پەیوەستە.**

**سەرفراز نەقشبەتدی سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستان راپۆرت لەو دۆسیەیەدا بەشداری کردووەو بە باشمان زانی گوێ لە قسەکانی بگرین، گفتوگۆی لەگەڵ بکەین بەو هیوایەی بەیەکەوە توانیبێتمان بەشێک لە خەمەکانی ئافرەت بە گشتی و ئافرەتی کوردی بەتایبەتی بەرجەستە بکەین.**

*** هەست ناکەیت یەکەمین روانینی نێرانەی دەوروبەر بۆ رەگەزی مێ بۆ ئەو کچۆلەیەی کە تازە چاو بە دنیادا هەڵدێنێت، جۆرێک بێت لە دەستدرێژی، ئەگەر لەو بڕوایەدابیت کە رەگەزی مێ هەر لە هاتنە رووی دنیاوە چەوساوە بێت، ئایا ئەوە پەیوەندی بە قبولنەکردنی بوونەوەرێکی جیاوازەوە هەیە،پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو بیرکردنەوە کەلەپوری نێرایەتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ئاراستەی دەکات، یان بۆ هەژموونی کلتووری ئایینی ئیسلامی دەگەڕێتەوە؟**

– لە وەڵامی ئەم پرسیارە پرسێکی تر دێتە ئارا، ئەویش ئەوەیە، کلتووری نێرانە چۆن دروست بووە.

بێگومان رۆڵی ئایینی لەسەر دروست بوونی ئەم کلتوورە زاڵە بەزاخیشە، بەراوردکردنی کۆمەڵگەی کوردی لە قۆناغەکانیدا ئەو رۆڵە دەسەلمێنێ.

بەڵام قۆناغەکانی دیرۆکی کە هەموو دنیا تێیدا تێپەڕبووە، لە مەشاعیەتەوە تاکو دەسەڵاتی ژن و دوای لە دەستدانی ئەو دەسەڵاتە، لەو کاتەوە کە پیاو بووە بە بەرهەمهێنەر و ژن بووە بە مەزیخەر لێرەدا کلتووری نێرانە پەیدا بووە، ئایینەکان بەگشتی بەردەوامیان پێداوە و بۆ مانەوەی بووینە پاڵپشت کە شتێک بوو بە کلتوور ئیتر هەموو چینەکانی کۆمەڵگە پەیڕەوی لێ دەکەن تاکو ژن بەخۆیشی دەکەوێتە بن باندووری ئەو کێشەیەوە.

لێرەدا دەبینین کە ژن دەبێتە بەرهەمهێنەریش دیسان ناتوانێت بە تەواوی دەستەڵات بگرێتە دەست لەناو کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە تا ئێستا لەبن باندووری ئەو کلتوورەن و ئایین و دەوڵەت کاروباری جیانەکراوەن.

فەلسەفەی کۆمەڵایەتی رۆژهەڵات فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفەی یۆنانی کۆن ئاڤا بوینە و بەگشتی لەسەر ئایین دەرفەتی لەو فەلسەفەی دیووە، پیاو بۆی رەخساوە کە نێرایەتی بکاتە ئاڵای کۆمەڵگە.

*** رەنگە بتوانین بڵێین لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی چەمکی هاوڵاتیبوون چەمکێکی کار پێنەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (فاتیمە ئەلمەرنیسی) دەڵێت:ئیسلام لە سەر دەستی ژنانەوە دەچێتە نێو تازەگەرییەوە، ژنان ئەو بزوێنەرە چالاکەن کە سیستەمی باوکسالاری تێکدەشکێنن، تۆ چۆن ئەو رستەیە راڤە دەکەیتەوە؟**

– لە روانگەی فاتیمە ئەلمەرەنسی ئەو کێشەیە شرۆڤە ناکەم، بەڵکو دەڵێم کۆمەڵگە بەگشتی بە بزاڤی راستەقینەی ژنان ئەو تازەگەرییە بەخۆیەوە دەبینێ.

سیستەمی باوکسالاری کە بۆتە کلتوری

کۆمەڵایەتی، ژن دەتوانێت تێکی بشکێنێت، ئەگەر هاتو توانی لە قالبی بێهێزی و بن دەستی خۆی رزگار بکات.

ئەو قالبەش زۆر شت دەگریتە خۆی، دەروونی و ئابووری و وشیاری، دەتوانین بڵێین ئەگەر هاتوو ژن بەکەسایەتییەکی ئازاد هەنگاو بنێ ئەوە ئەو سیستەمە

تێکدەشکێت.

*** مەرجە ژنانی کوردی کاتیگۆرییەکی یەکگرتوویان هەبێت، پێتوانییە ئەو یەکگرتنە جۆرێک لە کەلەگایی لێبکەوێتەوە، لەوێشەوە بە کوشتنی جیاوازییەکانەوە بکەوێتەوە؟**

- ئەگەر مەبەستت لە کارتێکەری تەنها دروستکردنی رێکخرا و دەزگا بن، من دەڵێم بەو رێگایە کوشتنی جیاوازییەکانی لێ ناکەوێتەوە، چونکە زۆر جار ئەو جیاکردنەوەش خۆی لە خۆیدا جیاکردنێکی نایەکسانییە.

دەبێ دەستپێک وەک مرۆڤ سەیری ئافرەت بکرێت و لە هەر کوێ بەپێی زانین و تایبەتمەندی خۆی بەشێوەیەکی یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ژن خۆی دەتوانێت ئەو رێبازە پەیرەو بکات و خۆی وەکو هێز بەکۆمەڵ بداتە ناساندن، ئەوەش ئامادەبوونی فیکری و دەروونی و زانستی پێویستە، بەڵام مەبەست لە یەکگرتنی ژنان لای من هەندێک شتی دیکە دەگرێتە خۆی، ئەویش ئەوەیە کە بتوانێت لەنێوان ئەو ئاڵۆزییە دەروونییەی کە تێیدا دەژیت زامەکانی بەزانستی دەست نیشان بکات، جیاوازی لەنێوان ئەو خاڵە لاوازانەی کە کۆمەڵگە و ئایین بەدرێژایی دیرۆک بۆی کردوونەتە پەسەن و تا لای بووە بە کلتوور و نێوان ئەو خاڵانەی کە لەبەر بەکارهێنانی بوونەتە خاڵی لاواز لە کەسایەتییەکەیدا.

هەنگاوی یەکەم بەرەو ئازادی لە دەستنیشانکردنی ئەم خاڵانە دەست پێدەکات و لێرەدا دەتوانێت شرۆڤەی بکات و کەی و چۆن دەبێ لەگەڵ یەکتری یەکگرتوو بین.

چونکە ئەو لاوازە دیرۆکییە بووە بەهۆی ئەوەی کە زۆرجار ژن بەخۆی دژایەتی ئازادی خۆی بکات، ئەمەش پێی دەڵێن خزاندنی دەروونی کە لای ئافرەت دروست بووە.

ئافرەت ئەو دژایەتییە دەکات بۆ ئەوەی لای کۆمەڵ و پیاو مەقبوڵ بێت. ئەم هەڵوێستەی ئافرەتان، لە لای پیاو بەباشی پەسەند دەکرێت، ئافرەت دەخاتە خەندەقی دژایەتی خۆی و بێ ئەوەی ئاگایی لەخۆی بێت دەبێتە دارەدەستی دەسەلات و پیاو و کۆمەڵ و دەکەوێتە بن چەسپاندنێکی بێ بن، تاکو منداڵەکانی خۆی کە نێرن دەتوانن بیچەوسێنن.

*** لە نێوانی مافی (منداڵ، ژن، یەکسانی کۆمەڵایەتی) و مافی (نەتەوایەتی) پێتوانییە ئیتر رۆژی ئەوە هاتووە ئەو مافانە پێش مافی نەتەوایەتی بخرێت، ئیتر هەستناکەیت مافی**

**نەتەوایەتی (حیجاب)ەو پیاوە سیاسەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دێنن؟**

- نەخێر من دەڵێم مافی نەتەوایەتی لە پێش هەموویانەوەیە.. نەتەوەی بن دەست کۆمەڵگەیەکی بن دەست دروست دەکات و لەناو ئەو کۆمەڵەدا ژن و پیاو چەوساوە دەبن.

لەم حاڵەتەدا ئیمکان نییە ژن ئازاد بکرێت، ئەوەش عادەلەیەکی دوو سەرەیە کە پیاو چەوساوە بوو ناتوانێت ژن ئازاد بکات نازانم چۆن مرۆڤ ئازادی لە کەسێکی چەوساوە داوا دەکات کە خۆی لە خۆیدا لەبن ئەو بارەوە دەناڵێنێت، مەسەلەیەکی زانستییە کە پیاو بەقەدەر چەوساندنی خۆی ئافرەت دەچەوسێنێ، لاسایی چەوسێنەرەکەی دەکاتەوە. ئەو ژەهرەی داگیرکەر یاخود دەستەڵات دەرخواردی دەدات بەهەمان شێوە ئەویش ئەو ژەهرە دەرخوارد ئافرەت دەدات.

بۆیە نەتەوەی ئازاد و وڵاتی ئازاد مەرجی چەسپاندنی ئازادی ژنیان لەخۆدا هەڵگرتووە.

بەڕای من دەبێ ژن زیاتر لە پیاو هەوڵی ئازادی نەتەوەیی و ئازادی وڵات بدات، چونکە ئەمە تەنها ڕێگایە بۆ ئازادی خۆی.

ئەوەی ئێستا دەیبینین، ئەوەیە کە پیاو هەوڵ دەدات چەوساندنی خۆی لە رووی دەروونی و فیکرییەوە بەو وشانە بشارێتەوە. ئەوەی ئێستا دەبینین کە ژن بە سومبول دەکەن بۆ پێگەیشتنی خۆیان و رەنگەکانی تری چەوساندنەوەی ئافرەت، واتە روویەکی دیکەی چەوسانەوەی ئافرەت خۆی لەوەدا هەڵدەگرێتە کە بەردەوام ئافرەت دەکرێتە سنبولی داب ونەریتەکانی کۆمەڵگە.

چونکە لێرەدا مەبەستیان ئازادی و پێگەیاندنی ئافرەت نییە، دوور لە نەوعییەت کە دەبێ زانینی فکری و هزری و زانستی تیایدا هەبێت، بەڵکو تەنها لە ژمارە دەگەڕێن.

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر بیرو بۆچوونی ئافرەت خۆی کە تا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی لەگەڵ مافەکانی خۆی مامەڵە ناکات.

ئافرەت خۆی نەیتوانیوە خۆی لە زەلیلی دەروونی رزگار بکات، ئافرەتانی ئەو قۆناغە کە قۆناغی گەوهەرینە دەیەوێ دوو هەنگاو کە دژی یەکن پەیڕەو بکات، ئازادی و بن دەستی پێکەوە دەهۆنێتەوە.

ئەم دوو هەنگاوە، دوو بیرکردنەوەی دژ بە یەکن و درەفەت بۆ بەکارهێنانی کێشەی ئافرەت وەک پڕوپاگەندە بۆ سیاسیەکان و ئایندارەکان دەرەخسێنن.

لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا کاتێک ئافرەت خۆی خاوەنی کەسایەتییەکی ئازاد نەبوو، کڕین و فرۆشتن بە مافەکانی دەکرێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئافرەت کە خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەی خۆی دەکات، تەنها یەک شت لە دەست دەدات ئەویش چەوساندنەوەیە.